
سۆراخ

# سەفەرو گۆڕان



حەسەن مستەفا

- ١

ســـەفەر تینوێتی مرۆڤە بۆ قومێك گەڕانو خۆدۆزینەوە لە شـــوێنێكی تردا، ئەو شـــوێنەی، خەیاڵ هەورازو نشێوەكانی حەل دەكاتو بەیەك هێڵی تەریب ئەم خاڵە بە خاڵی مەبەست دەگەیەنێ...

خەیـــاڵ باڵی ســـەفەرەو بزوێنەری ناخی مرۆڤە، مرۆڤی بێخەیاڵ لە ســـەفەر زیزەو بـــاڵی گۆڕانی لێنەڕواوە، خەونیـــش دایكی بـــاوەش فووڵی خەیاڵەكانە، ئەوەی لە خەونا گۆڕانێكی بەســـەردادێ و كەســـێتیەكەی دەبێتە جۆرێكی تر ئەوا ئەو كەسە جانتای سەفەر لە رۆحیا ئامادەیەو چاوەڕێی دەستێك ئەكات هەڵیگرێ.

- ٢

سەفەر ئەو كاتە دەست پێدەكات، كە مرۆڤ بیر لە گۆڕان دەكاتەوە، گۆڕان لە پنتێك بۆ پنتێكی تری خواستراو، بیركردنەوە زەمینەی داچاندنی گەڕاكانی ســـەفەرە، لەو زادگایەدا ســـەفەر لە دایك دەبێ كە مرۆڤ چواردەوری بیركردنەوەی بەسەفەر دەتەنرێ، هەر ئەوەندەش زەحمەتە كە مرۆڤ لە پنتی یەكەم جوڵاو بەرەو ئاراستەیەكی دیاری بینین...بینین بە چاوە شاراوەكانی ناو رۆح.

- ٣

هیچ زیندەوەرێك نیە خولیای سەفەری تیا نەرسكابێ، كرم لە ژێر زەوی كە خەریكی شیتەڵكردنەوەی زەویە، جاروبار ســـەفەرێكی سەر زەوی دەكاو گۆڕانێك لەخۆیدا بەرجەستە دەكات، كە لە دونیایەكی قاوەیی سەفەر بۆ دونیایەكی شین دەكات.

مرۆڤیش كە كیشـــوەرەكان بازدەدات، گۆڕانێك بەسەر دڵیدادێ تێكەڵ لە پەشیمانی و شادیی، خۆیشی نازانێ كامەیان زاڵترن لە دەروونیدا بۆیە خۆی پێ نادۆزرێتەوە.

- ٤

گەرمترین ســـەفەری دوو عاشـــق، مـــاوەی نێوان هەنگاوەكانیانـــە كە بەیەكیان دەگەیەنێ، پـــاش لێكترازانی دەستەكانیشیان مەودایەك بۆ سەفەرێكی دی نوێ دەبێتەوە، ئەویش سەفەری غوربەتە...غوربەت دووانەی هەر ســـەفەرێكە. هیچ ســـەفەرێك نیە غوربەت ســـێبەری نەبێ، هیچ غوربەتێكیش نیە بە سەفەر پێناسەنەكرابێ. ئەگەر نالی سەفەری شامی نەكردبا نەیئەتوانی نامەیەكی غوربەتی بۆ سالم بنێرێ. ئەمە بۆ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریش هەر راســـتە، ئەگەر دووریان نەخســـتبایەوە بۆ حیجاز ئاوا لە غوربەت ســـەری نەئەنایەوە، غوربەت نەدەهاتە ناو مێژووی ژیانی ئەو پیاوە.

- ٥

سەفەر سەرمایەی ئازادی لە مشتیایە، مرۆڤێك كە خولیای سەفەری نیە باكی بە ئازادیش نیە.

+ من سەفەر دەكەم، بەڵام ناتوانم لەگەڵ خۆم بت بەم، كەواتە من ئازاد نیم لەم سەفەرەدا، وەرە ئازادیم بدەرێ.

- وەرە لەگەڵ خۆتم بەرە.

- ٦

هیچ سەفەرێك نیە لە هەناویدا وەك ئارەزوویێك گەڕانەوە نەبووبێتە جەمسەرەكەی تری، كەواتە سەفەریش وەك یەكەم سەفەری هاتن خاڵی دەستپێكو كۆتایی لە قەدەری نووسراوە.

لە كوێوە هاتین بۆ هەمان خاڵ دەبێ بگەڕێینەوە، بەڵام بە كۆمەڵێك گۆڕان، كەواتە سەفەر=گۆڕان.